# تەفسیری سورەتی ( العصر )

﴿ تفسير سورة العصر ﴾

[ كردي – کوردی – kurdish ]

عەبدولسەلام موحەمەد پشدەری

**پێداچونەوەی :** پشتیوان سابیر عەزیز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ﴿ تفسير سورة العصر ﴾

« باللغة الكردية »

عبد السلام محمد البشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2010 - 1431

islamhouse.com

# تەفسیری سورەتی ( العصر )

الحمد لله وکفی والصلاة والسلام علی نبیه المصطفی

خۆشەویستان جارێکی دیکە دێینەوە خزمەت ئێوەی بەڕێز بۆ تەفسیرکردنی سورەتێکی تر لەسوورەتەکانی قورئانی پیرۆز، ئەویش سورەتی ( العصر ) کە سورەتێکی مەککی یە، و ژمارەی ئایەتەکانی هەرچەند کەمن بەڵام ناوەڕۆکی سورەتەکە پڕاوپڕە لەمانا پیرۆزەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، هەروەك ئیمامی شافعی ( ڕەحمەتی خودای لێ بێت ) لەم بارەیەوە ووتەیەکی مەشهور وبەناوبانگی هەیە کە دەڵێت : ( لو لم ینزل الله علی عباده حجة إلا هذه السورة لکفتهم ) ئەگەر بهاتبایە خوای گەورە و میهرەبان هیچ حجەت وبەڵگەیەکی تری غەیری ئەم سورەتەی دانەبەزاندایە بۆ بەندەکانی ئەوە بێگومان بەسیان بوو. بەسیان بوو بۆ ئامۆژگاریکردن و دەستگرتن بە باوەڕ و کار وکردەوەی چاك دوورکەوتنەوە لە شیرك و بت پەرستی کاروکردەوەی خراپ وئارامگرتن لەسەریان، نەك بەو مانایەی کە هەموو مەخلوقاتەکانی خوای گەورە لەڕووی شەریعەت وبەرنامە داڕێژانەوە بەسیان بوو .

سەرەتا خوای گەورە دەفەرموێت : ( وَالْعَصْرِ (١) ) سوێند بەکات، کاتیش بریتیە لەو ساتانەی کە شەو ورۆژ پێك دەهێنن، یان وەك هەندێك لە ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز دەڵێن : سوێند بەکاتی نوێژی عەسر، هەرکامێکیان بێت گرنگ ئەوەیە پەروەردگار سوێند بەکات دەخوات، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت سوێند پێخوراوەکە کە مەبەستمان ( کات ) ە گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە لای خوای گەورە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی پێویستە بەندەکانیش ڕێزی کاتەکانیان لابێت و بەهەموو شێوەیەك هەوڵبدەن لە بەندایەتی و پەرستنی پەروەردگاریاندا بەسەری بەرن و بەشتی پروپووچ تێی نەپەڕێنن، چونکە کات بەنسبەت مرۆڤەوە واتە : تەمەن ، تەمەنیش کە تێپەڕی بەهیچ شتێك ناگەڕێتەوە و وەك شمشێر وایە ئەگەر نەیبڕیت ئەو تۆ دەبڕێت – واتە ئەگەر بەشتی بەکەڵك وبەسوود و ڕەزامەندی خوای گەورە پڕی نەکەیتەوە ئەوە بێگومان پێچەوانەکەی ئەوەیە ئەو تۆ دەبڕێت و تەمەنت بە بەرەو فەوتان و تیاچوون دەبات –

لەفەرموودەیەکی سەحیحیشدا هاتووە کە دەفەرموێت : ( لا تزولُ قَدَمَا عَبْدٍ يومَ القيامةِ حتى يُسألَ عنْ أربع ٍ عنْ عُمُرِهِ فيما أفناهُ وعنْ جسدِهِ فيما أبْلاهُ وعنْ مالهِ مِنْ أيْنَ أخذهُ وفيما أنْفَقَهُ وعنْ عِلمِهِ ماذا عَمِلَ بهِ ) { شێخی ئەلبانی – ڕەحمەتی خوای لێ بێت - ئەڵێت : ئەم فەرموودە فەرموودەیەکی سەحیح لغیرە یە } واتە مرۆڤ لەڕۆژی دواییدا قاچەکانی هەڵناهێنێت هەتاوەکو پرسیاری چوار شتی لێ نەکرێت : لەتەمەنی کە لەچیدا بەسەری برد، وە لەجەستە ولاشەی لەچیدا گوزەراندی، وە لەسەروەت وسامانی چۆن پەیدای کرد ولە چ شتێکیشدا صەرفی کرد، وە لەکاروکردەوەی کە چی ئەنجامدا پێیان .

پاش ئەوەی خوای گەورە سوێندی خوارد بەکات ئەمجا مەبەستی سوێندەکەی بە ئایەتەکەی دوای خۆی ڕوون دەکاتەوە ودەفەرموێت : ( إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) ) بێگومان مرۆڤ بەگشتی لەتیاچوون و خەسارۆمەندی وتیاچووندایە، ئەم حوکمە گشتگیرەش کە پەروەردگار دەیدات بەسەر مۆرڤەکاندا، بۆ ئەوەیە هەموو خەڵك تێ بگات، کەسێك کە زیانمەند وبەرەو تیاچوون ڕۆشت ئەگەر فریای خۆی نەکەوێت و بیرێك نەکاتەوە ئەوە سەرەتا خەسارۆمەندی دونیا دەبێت و ژیانی بەژیانێکی ناخۆش و ناجێگیر لەڕووی دەروونی بەسەر دەبات، ژیانێك هەمیشە هەست بەدڵتەنگی وتاوان دەکات، یان هەر خوای گەورە تووشی بەڵا و موصیبەت و نارەحەتیەکانی ژیانی دەکات، ئەگەر نەکەوێتە بەر ئەو موژدە خۆشەی کە پەروەردگار لە ئایەتی دواتردا باسی لێوە کردووە، ئەویش ئەوەیە کە دەفەرموێت : ( إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ (٣) ) ئەو کەسانەی کە خەسارۆمەندی نایانگرێتەوە خاوەنی چەند سیفەتێکی زۆر جوانن ئەوانیش بریتین :

**یەکەم :** ( آمَنُوا ) هەموو خەڵکی لەتیاچووندان ئەو کەسانە نەبێت کە باوەڕیان هێناوە، باوەڕیان هێناوە بە خوای گەورە وبەتاك و تەنهایی دەیپەرستن وهیچ شتێك ناکەن بە هاوەڵ و شەریکی لەپەرستندا، ووشەی ئیمان لەم ئایەتە پیرۆزەدا بە شێوەیەکی گشتی هاتووە، ئیمانیش لە بیروباوەڕی ئیسلامیدا بریتیە لە باوەڕ بوون بەهەر شەش پایەو کۆڵەکەکەی ئیمان کە بە ( أركان الإيمان ) ناسراوە ، ئەوانیش باوەڕ بوون بەخوای گەورە و فریشتەکان وکتێب و پەڕاو نامە ئاسمانەییەکان لەگەڵ باوەڕ بەپێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و قەزا و قەدەر بەخێر وشەڕی .

**دووەم :** ( وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ) واتە : لەگەڵ باوەڕەکەشیان کاروکردەوەی چاك وباشیش ئەنجام دەدەن، کاروکردەوەی باشیش ئەوەیە کە دوو مەرجی سەرەکی تێدا بیت وەك زانایان باسیان کردوە ئەوانیش ( الإخلاص ) واتە تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە بێت لەگەڵ ( إتباع ) واتە بەو شێوەیە ئەنجام بدرێت کە پێغەمبەری خودا – صلى الله عليه وسلم _ کردوونی بەبێ هیچ زیاد وکەم کردنێك .

**سێهەم :** ( وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ ) یەکێکی تر لە سیفەتی ئەو کەسانە ئەوەیە هەمیشە ئامۆژگاری یەکتر دەکەن بەهەق وراستی، کەمەبەست لێی ئامۆژگاریکردنە بە باوەڕهێنان و پێویستیەکانی لەگەڵ فەرمان کردن بەکاروکردەوەی چاکە و قەدەغەکردن لەخراپە، خوای گەورە لەئایەتێکی تردا ئەم مەبەستەمان بۆ ڕوونتر دەکاتەوە و دەفەرموێت : (كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ ) واتە : ئێوە ئەی باوەڕداران چاکترین کەسانێکن کە خوای گەورە هەڵیبژاردوون بۆ گەیاندنی ئایتەکەی بەکەسانی تر، کە فەرمان دەکەن بەچاکە و قەدەغەش دەکەن لەخراپە .

کەواتە ئەم وەصیەت کردنە دەبێت کاری هەمیشەیی باوەڕداران بێت لەژیانیاندا، ئەویش لەبەر دڵسۆزیان بۆ کەسانی تر، لەبەر ئەوەی ئاگادار کردنەوەی خەڵکی لەمەترسیەکانی دواڕۆژ وترساندیان لە ئەنجامەکانی تاوان و گوناهـ ودوورکەوتنەوەیان لێی بێگومان خۆشبەختی دونیا و دواڕۆژی تێدایە، خۆشبەختیەکی هەتا هەتایی کە هەرگیز ناڕەحەتی وناخۆشی بەدواوادا نایەت، ئەویش ڕەزامەندی پەروەردگار و بەهەشتی هەتا هەتاییە .

**چوارەم :** (وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ) یەکێکی تر لەو سیفەتە جوانانەی دەبێت لەو کەسانەدا هەبێت کە خەسارۆمەند نابن ولەگۆڕهی ڕزگاربووەکان دەبن ئەوەیە کە ئامۆژگاری یەکتریش دەکەن لەسەر خۆگری وئارامگرتن، لەبەر ئەوەی دونیا خۆی کێڵگەی تاقیکردنەوەکانە پێویستیەکی باشیشی بە ئارامگرتن هەیە، ئارامگرتنیش شێوازی هەیە، وەك ئارامگرتن لە سەر طاعەت و عیبادەتەکانی خوای گەورە، بێگومان طاعەت و گوێڕایەڵیەکان ئارامگرتنیان دەوێت بۆ ئەنجامدانیان ئەوەگەرنا مرۆڤ زۆر قورس دەبیت لەسەریان و ناتوانێت وەك خۆی بیانکات، بۆ نموونە : ئەنجامدانی نوێژی بەیانی لەکاتی خۆیدا و هەستان لەخەوێکی شیرین و ڕۆشتن وملی ڕێگرتنە بەرەو مزگەوت ئەگەر باوەڕدار صەبر وئارامی نەبێت خۆی لەخۆیدا

قورس وگرانە ئەوجا با شەیتانی نەفرین لێکراویش بوەستێت کە چەند لەسەر مرۆڤی باوەڕداری گرانتر دەکات.

یان دەرکردنی زەکات وصەدەقات وخێرکردن لەماڵ و سەروەت وسامان ، ئەگەر مرۆڤ ئارامی نەبێت و خۆی وا رانەهێنیت کە چاوەروانی پاداشتی زۆر گەورە تر بکات لای پەروەردگاری بێگومان لەسەر دڵ و دەروونی قورس وگرانە ماڵی خۆی کە بەئارەق و نارەحەتی پەیدای کردوە بیدات بەکەسانی تر .

یان ڕۆژوو گرتن کێ هەیە لەبەر ڕەزامەندی و خاتری خوای گەورە نەبێت ئارام بگرێت کە یەك مانگێ ڕەبەق ڕۆژ هەتا ئێوارە دوور بکەوێتەوە لە هەموو خۆشی ومەلەزاتی دونیا ؟!!

جابرای بەڕێزم ئارام بگرە لەسەر ئەنجامدانی سەرجەم عیبادەتەکانی پەروەردگارت چونکە بەڕاستی ئارامگرتن لەسەریان کارێکی گران وقورسە وەك خوای گەورە فەرموویەتی : (وإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلا عَلَى الْخَاشِعِينَ ) { البقرة: ٤٥ } .

جۆرێکی تر لە ئارامگرتن بریتیە لە ئارامگرتن لەسەر حەرام وقەدەغەکراوەکان، چونکە ئارامگرتن لەسەر ئەم مەسئەلەیەش بەڕاستی کەسی ڕاستگۆی دەوێت ڕاستگۆ لەگەڵ باوەڕەکەی بەشێوەیەك پەروەردگاری بەچاودێری خۆی بزانێت وهەمیشە ئەوەی لەبیر بێت کە تام وچێژ و لەزەتی گوناهـ وتاوان هەر ئەو ساتە کەمەیە کە خەریکی ئەو تاوانایە بەتایبەتی تاوان و گوناهی بێ ڕەوشتی و فاحەشەکردن – خوای گەورە بەدوورمان بگرێت – جا خوشك وبرای ئازیزم ئەوە بزانە بەهەشت و ڕەزامەندی پەروەردگار هەوڵ و تێکۆشانی دەوێت و دۆزەخ وخودا لەخۆرەنجادنیش زۆر ئاسانە بەڵام مەصائیب وپاشەڕۆژی خراپ چاوەڕوانیەتی، پێغەمبەریش ( صلى الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : (حفت الجنة بالمکارە، وحفت النار بالشهوات ) { رواه مسلم } واتە : بەهەشت بەناخۆشی وناڕەحەتیەکان دەورە دراوە - واتە : بەردەوام بوون لە عیبادەت و دوورکەوتنەوە لە حەرامەکان هەوڵ وتێکۆشان وئارامگری و خۆ ڕاگی دەوێت، ئەمەش ناڕەحەتە بۆ باوەڕدار – هەروەها دۆزەخیش دەورە دراوە بە شەهوت و ئارەزوو بازیەکان .

بازرگان دەبێت ئارام بگرێت لەسەر ئەوەی کە نزیکی کڕین وفرۆشتنێك نەکەوێتەوە کە قەدەغەی لێکراوە بەتایبەتی دوورکەوتنەوە لەو مامەڵانەی کە سوود و ڕیبایان تێدایە.

لاوەکانمان دەبێت ئارام بگرن لەسەر دووکەوتنەوە لە تەماشاکردنی حەرام و تێکەڵاوی حەرام و ئەو شتانەش کە ڕاپێچیان دەکات بۆ کەوتنە ناو حەرامەوە .

ئەو کەسانەی ماوەیەکی زۆر هۆگری شەراب و مەی خواردنەوە بوون و ئێستا سوپاس بۆ خوای گەورە تەوبەیان کردووە و وازیان لێهێناوە دەبیت خۆڕاگربن لەسەر ئەوەی جارێکی تر شەیتان فریویان نەدات و بیانگێڕیتەوە بۆ سەرکاری پێشویان ... و هتد ...

جۆرێکی تر ئارامگرتن ئارامگرتنە لەسەر ئەو بەڵا و مەصائیب و نارەحەتیانەی کە خوای گەورە لەقەدەردا لەسەری نووسیون، ولەسەر دڵ ودەروون قورس و نارەحەتن و پەروەردگار بەندەکانی پێ تاقی دەکاتەوە وەك فەرمویەتی : ( وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنْفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ- ١٥٥- الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ) { البقرة : ١٥٥ - ١٥٦ } واتە : سوێند بەخوا تاقیتان دەکەینەوە بە ترس و بیم و برسێتی و کەم بوونی ماڵ وسامان و مردنی کەس وکارو تیاچوونی بەرو بوومی کشتوکاڵ، جا مژدە بدە بەو کەسانەی خۆگرو ئارامگرن... ئەوانیش ئەوانەن هەر کاتێك تووشی بەڵاو ناخۆشیەك دەبن دەڵێن : ئێمە موڵکی خواین و هەرچی هەمانە بەخششی خوایە، سەر ئەنجامیش تەنها هەر بۆ لای ئەو زاتەیە گەڕانەوەمان.

ئەی پەروەردگاری بەدەسەڵات و باڵادەست لەگوناهی هەموو لایەکمان خۆشبە و بمانگێڕە بەو بەندانەی کە خۆت لێیان ڕازیت ویارمەتیشمان بدە لەوانە بین کە هەمیشە کاروکردەوەی چاك دەکەن وئامۆژگاری یەکتر دەکەن بەهەق و ڕاستی و ئارامگرتن لەسەر خۆشی و ناڕەحەتیەکانی دونیا .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته